بەڕێز لیژنەی یاسایی

٣/٣

## بەڕێز /سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## بابەت/دانیشتنی تایبەت

پاڵپشت بە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی ٧٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژۆمانکردووە، داوا دەکەین پێشنیازە یاسایی ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێریی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (   ) ساڵی (   ) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان.

| ژ | ناوی ئەندامانی پەرلەمان | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | زیاد جبار محمد | |
| ٢ | زانا ملا خالد کەمال | |
| ٣ | [illegible] عبدالله احمد | |
| ٤ | چیا حمید شریف | |
| ٥ | لقمان وردی | |
| ٦ | ادریس اسماعیل عبو | |
| ٧ | جمال کوچەر | |
| ٨ | حکمت محمد عبدزید | |
| ٩ | فیصل عباس [illegible] | |
| ١٠ | [illegible] | |
| ١١ | [illegible] حسن کوێستانی | |
| ١٢ | حسیبە سعید ابراهیم کوردی | |

# پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی ئـــــامێرەکانی چـــــاودێری

# لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ماددەی (١)**

بـۆ مەبەسـتی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، ئـەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبـەریان دەگەیەنن:-

یەکەم/ هەرێم:- هەرێمی کوردستان – عێراق

دووەم/ وەزیر:- وەزیری ناوخۆی هەرێم

سێیەم/وەزارەت :- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم

چوارەم / لایەنی پەیوەندیدار:- لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی ناوخۆ.

پێنجەم / ئامێرەکانی چاودێریی:- هەموو ئەو کامێرا و ئامێرانەیە کە توانای گرتن و گواستنەوەی دەنـگ و وێنـەی جـێگیر و جووڵاویـان هەیـە و بـۆ مەبەسـتی چاودێریکردن و سـەلامەتی کەسـەکان و مـاڵ و موڵـك بەکاردەهێنرێن.

شەشەم / تۆمارکراوەکان:- ئەو گرتە دەنگی و ڕەنگیانـەن کـە لـە ڕێگـەی ئامێرەکـانی چاودێرییەوە، بـەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراون.

حەوتەم / شوێن و دامەزراوەکان (المنشأت):- هەموو ئەو جێگایانەن کە بۆ دانـانی ئامێرەکـانی چاودێری بـە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، لەسەر داوای وەزیر دیاریدەکرێن.

هەشـتەم/ حـەرەمی شوێن:- سـنووری ئـەو شـوێنەیە کـە نیشتەجێبوو یـان ئـەوەی کـاری تێـدا دەکـات مـافی بەکارهێنان و سوودمەندبوونی لێی هەیە، و لە پێشێلکاریی پارێزراو دەبێت.

**ماددەی (٢)**

یەکەم/ پێویستە شوێن و دامەزراوەکان ئامێرەکانی چاودێریکردن دابنێن، کە دەبێت لـە مـاوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لەکاردابن و پێگەی کۆنترۆڵکردنی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن.

دووەم/ پێویستە ئامێرەکانی چاودێری، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕوونێتی و تایبەتمەندییان، کارایی و باشتر کارکردنیان، بەشێوەیەکی بەردەوام نۆژەن بکرێنەوە.

**ماددەی (٣)**

یەکەم/ لایەنی پەیوەندیدار ئەو خاڵ و گۆشانە دیاریدەکات کە پێویستە لە هەر شوێن و دامەزراوەیەکدا ئامێری چاودێری بۆ ببەسترێت.

دووەم/ لەسەر پێشنیاری لایەنی پەیوەندیدار، وەزیر بڕیار لە تایبەتمەندیی ئامێرەکانی چاودێریی بەپێی ستاندارده لۆکاڵی و جیهانییەکان دەدات.

**ماددەی(٤)**

بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە هەبوونی ئامێرەکانی چاودێری، پێویستە شوێن و دامەزراوەکان، بەپێی ئەو تایبەتمەندیی خاڵ و گۆشانەی کە لایەنی پەیوەندیدار دیارییان دەکات، تابلۆی ئاگادارکردنەوە بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو، هەڵبواسن.

**ماددەی (٥)**

یەکەم/ پێویستە شوێن و دامەزراوەکان تۆمارکراوی ئامێرەکانی چاودێری بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ هەڵبگرن و نابێت لەو ماوەیەدا دەستکاریی بکرێت یان گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنرێت.

دووەم/

١. شوێن و دامەزراوەکان، تەنها بە ڕەزامەندی نووسراوی لایەنی پەیوەندیدار، دەتوانن هەر ڕەفتارێك لە گواستنەوە، تۆمارکردنەوە یان لەبەرگرتنەوە بە تۆمارکراوەکانەوە بکەن.

٢. شوێن و دامەزراوەکان، تەنها بە ڕەزامەندی دادگا، دەتوانن ناردن یان بڵاوکردنەوە یان هەر کارێکی دیکە بە تۆمارکراوەکانەوە بکەن.

**ماددەی (٦)**

یەکـەم/ پێویسـتە لایـەنی پەیوەندیـدار پشـکنین و بەدواداچـوونی بـەردەوام بـۆ دڵنیابوونـەوە لـە جێبـەجێکردنی ڕێنمـایی و بنـەماکانی تایبـەت بـە ڕێکخسـتنی دانـان و بـەکارهێنان و نۆژەنکردنـەوەی ئامێرەکانی چاودێری بکات.

دووەم/ لایـەنی پەیوەندیـدار لـە جێبـەجێکردنی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایەدا، سیفەتی ئەنـدامی بـەرزەفتی دادوەرییان بۆ پشکنین و لابردنی سەرپێچیەکان هەیە.

**ماددەی (٧)**

یەکەم/ لە هەر شوێنێك کە مافی نهێنی و تایبـەتێتی مرۆڤـەکان پێشێل بکات، ڕێگـە بـە دانـانی ئامێرەکانی چاودێریکردن نادرێت، و نابێت مەودای بینینی کامێراکان سنووری مافی ئەوانی دیکە ببەزێنێت.

دووەم/ لە هەموو بارێکدا، نابێت مەودای بینینی کامێراکان شەقامی گشتی ببەزێنێت، تەنها بـە ڕەزامەنـدی لایەنی پەیوەندیدار نەبێت.

سێیەم/ ئەنجوومەنی وەزیران، لەسەر داوای وەزیر، بڕیار لـەبارەی هـەر شـوێنێك دەدات کـە دانـانی ئـامێری چاودێری تێیدا قەدەغە دەکرێت.

**ماددەی (٨)**

نیشتەجێبووان و خـاوەنی ئـەو شـوێنانەی بـە پێـی مـاددەی(٢) پابەنـد بـە دانـانی ئامێرەکانی چاودێری ناکرێن، دەتـوانن کـامێرا بـۆ پاراسـتنی خۆیـان و موڵك وماڵیـان لـە نـاوەوە و دەرەوەی مـاڵ و شـوێنەکانیان دابنێن، بە مەرجێك مەودای بینین و تۆماری کامێراکان سنووری حەرەمی شوێن نەبەزێنێت.

**حوکمە گشتییەکان**

**ماددەی (٩)**

یەکەم/ هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٢)ی ئـەم یاسـایە بکـات، بـە بەنـدکردن کـە لـە ساڵێك زیاتر نـەبێت، و بە پێبژاردنێك کە لە (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینـار کـەمتر نـەبێت و لـە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نـەبێت سزا دەدرێت.

دووەم/ هـەر کەسـێك سەرپێچی حوكمـەكانی مـاددەی(٤)ی ئـەم یاسـایە بكـات، بـە پێبـژاردنێك كـە لـە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

سێیەم/ هەركەسێك سەرپێچی حوكمەكانی ماددەی(٥)ی ئەم یاسایە بكات، بە بەندكردن كە لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێك كە لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

چوارەم/

١. هەركەس سەرپێچی حوكمەكانی ماددەی(٧/یەكـەم، دووەم)ی ئـەم یاسایە بكات، بـە سـزایەك كـە لـە (٢) دوو ساڵ بەندكردن زیاتر نەبێت، و پێبژاردنێك كە لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێـنج ملیۆن دینـار كـەمتر نـەبێت و لـە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەكێكیان سزا دەدرێت.

٢. سـزاكە دەبێـت بـە بەنـدكردن بـۆ ماوەیـەك كـە لـە (٣) سـێ سـاڵ زیـاتر نـەبێت و پێبـژاردنێك كـە لـە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیـۆن دینـار كـەمتر نـەبێت و لـە (٢٥٠٠٠٠٠٠) بیست و پێـنج ملێۆن دینـار زیـاتر نـەبێت، ئەگەر ئەو شوێنانەی كە لە ماددەی (٧/یەكەم)دا هاتوون، تایبەت بن بە ئافرەتان.

پێنجەم/ هەر كەس و شوێنێك سەرپێچی حوكمەكانی ماددەی(٨)ی ئەم یاسایە بكات، بە پێبژاردنێك كـە لـە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینـار كـەمتر نـەبێت و لـە (١,٠٠٠,٠٠٠) یـەك ملیـۆن دینـار زیـاتر نـەبێت، سزادەدرێت.

**ماددەی(١٠)**

یەكەم/ هەر كەسێك مامەڵە بە تۆماركراوەكانی ئامێرەكانی چاودێرییەوە بكات و بەهۆیـەوە زیـانی مـاددی یان مەعنەوی بە كەسانی دیكە بگەیەنێت یان لەكەداریان بكات، بە بەندكردن بـۆ ماوەیـەك كـە لـە (٢) دوو ساڵ كەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێك كە لـە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن كـەمتر نەبێت و لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت. یان بە یەكێكیان سزادەدرێت.

دووەم/ سزاكە دەبێتە بەندكردن بۆ ماوەیەك كە لە (٣) سێ ساڵی كەمتر نەبێت و لـە (٥) پێنج ساڵ زیـاتر نەبێت، لەگەڵ پێبژاردنێك كە لە (٩،٠٠٠،٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار كەمتر نـەبێت و لـە(١٥،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیـۆن دینـار زیـاتر نـەبێت، ئەگـەر بەكارهێنانەكـە بـۆ مەبەسـتی هەڕەشـە، فشارخستنەسەر،هەراسـان كـردن یـان ئیبتزاز بێت.

**ماددەی (١١)**

یەکەم/ هەر کەسێك لە ئەنجامی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە زەرەرمەند بێت، یان مافی نهێنی و تایبەتێتی ژیانی کەسی زیانی پێ بگات، دەتوانێت داوای قەرەبووی ئەو زیانە مەعنەوییانە لە کەسی سەرپێچیکار بکاتەوە.

دووەم: لایەنی پەیوەندیدار بە ڕاپۆرت جۆر و ئاستی سەرپێچییەکان دیاریدەکات، و دادگاش دەتوانێت ڕاپۆرتەکە وەك بنەما بۆ یەکلاییکردنەوەی سکالا بەکاربهێنێت.

**ماددەی (١٢)**

ئەگەر لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا سزایەکی و قورستر لەوەی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراوە هەبێت، سزا قورسەکە جێبەجێدەکرێت.

**ماددەی(١٣)**

ئەو شوێن و دامەزراوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و بەرلەدەرچوونی یاساکە ئامێری چاودێرییان داناوە، پێویستە لە ماوەی(٦) مانگ لە ڕێکەوتی چوونەبواری جێبەجێکردنی، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی بگونجێنن.

**ماددەی (١٤)**

هێزەکانی ئاسایشی هەرێم، تەنها لە چوارچێوەی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا پێیان سپێردراوە، دەتوانن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی دادگای تایبەتمەند، سوود لە تۆمارکراوەکانی ئامێرەکانی چاودێری بۆ مەبەستی لیکۆڵینەوە وەربگرن.

**ماددەی (١٥)**

سەرجەم کامێراکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەردەکرێن.

**حوکمە کۆتاییەکان**

**ماددەی (١٦)**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێدەکەن.

**ماددەی(١٧)**

پێویستە وەزیر ڕێنمایی تایبەت بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١٨)**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی (١٩)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ـەوە جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

ئامێرەکانی چاودێکردن کاریگەرییان لەسەر ئازادیی و تایبەتێتی کەسیی هەیە، لە هەمان کاتدا فاکتەرێکی کاریگەریی پاراستنی ئاسایشی گشتین، بۆیە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ پاراستنی زیاتری موڵك و ماڵی گشتی و تایبەت و تایبەتێتی ژیانی تاك و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە و ڕێکخستنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی چاودێریکردن، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.